# بۆ مادەی ١٤٠، هاوپەیمانی کوردستان پەنا بۆ دادگەی فیدراڵی دەبات!




ماددەی ١٤٠ ئەو لایلایە خۆشەبوو کە ماوەی چەند ساڵێک کوردی پێ لە بێشکە خەوێندرا، لەوانەیە زۆرترین قسەی لەسەر کرابێ، بێگومان سەرکردەکانی کوردستان هەزاران لێدوانیان لەوبارەیەوە داوە، بە قەڵەمی نووسەرانی کوردو بیانیش زۆرترین بابەتی لەسەر نووسراوە، بەگوێرەی ئەوکاتەی بۆی دیاریکرابوو، دەبووایە لە کۆتایی ٢٠٠٧ دا هەموو قۆناغەکانی تەواو بکرێ، بەڵام ناکام مایەوە، ئێستا دوای گۆرکردنیشی هەر وازی لێناهێنرێ، سەرکردەکان جەختی لەسەر دەکەنەوەو مژدەو بەڵێنی ڕەنگاورەنگی لەسەر هەڵدەچنن.

پەرلەمانی کوردستان لەهیچ و خۆڕایی ئارایشی بۆ کرد، بۆ چەواشەکردنی جەماوەر کۆبوونەوەیەکی پێکهێناو ڕایگەیاند کە لەسەر پێشنیاری نوێنەری ڕێکخراوی یەکگرتووەکان وادەی جێبەجێکردنەکەی بۆ شەش مانگی دیکە درێژ دەکەنەوە!!

پەرلەمانی کوردستان خۆی دەیزانی درێژکردنەوەی لە دەسەڵاتی ئەو دانیە، چونکە پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ دەسکاری دەستووری عێراقی بکات، بەڵکو دەبێ گوێڕایەڵی لێبکات. ڕاستیەکەی دەستەڵاتی پەرلەمانی کوردستان بریتی بوو لەوەی کە کاتی خۆی پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی بکردایە، دوایش ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە سەرکردایەتی کورد بگرتایە کە بۆچی خەمساردو کەمتەرخەمن، لانی کەم دەبووایە سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری ناوچە دابڕاوەکانی ڕابکێشایە بەردەم پەرلەمان و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکردبان، بەڵام بوێری ئەوەی تێدانەبوو، تەنیا بە کۆبوونەوەیەک ئەو کێشە چارەنووسسازەی لەکۆڵ خۆی کردەوەو بەرپرسیارێتی جێبەجێ نەکردنیشی لە ئەستۆی خودی کورد لاداو لایەنەکانی دیکەی تۆمەتبار کرد.

لەهەمووی سەیرتر کاتێک پەرلەمانی کوردستان لافی ئەوە لێدەدات کە وادەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی درێژ کردۆتەوە، هاوکات لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لە پەرلەمانی عێراق ٥٥ کورسی هەیەو بەشداری لە پێکهێنانی کابینەی مالکی دا کردووە، ڕەشبینانە لە ماددەکە دەڕوانێ و دەیەوێ پەنا بۆ دادگەی فیدراڵی ببات! پەرلەمانی کوردستان لە گیرفانی خۆیەوە ماددەی ١٤٠ی درێژ کردۆتەوە، کەچی تازە بە تازە **کەمال کەرکوکی**، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ: "پێویستە حکومەتی عێراق بەفەرمی دان بەوە دا بنێ کە مادەی ١٤٠ مادەیەکی دەستوورییە و ماوەی جێبەجێکردنی بەسەر ناچێ"

لەم ڕۆژانەی دواییدا سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان **فوئاد مەعسوم** ئاشکرایکرد کە بڕیارە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران لەمەڕ پرسی یاسایی بوونی مادەی ١٤٠ی دەستوور و مانەوەی وەک خۆی نووسراوێک ئاراستەی دادگەی فیدراڵی بکات، بەڵام وەڵامی ئەوان لەمەڕ ماددەکە تیرۆانینێکی دادگەیی نابێت. کەواتە لیستی هاوپەیمانی کوردستان خۆیشی لە زیندووبوونی ماددەی ١٤٠ بە گومانەو نازانێ دوای تەواوبوونی وادەکەی بە یاسایی دەمێنێتەوە یان نا؟! لێرەدا پرسیارەکە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەگێڕینەوە :" ئەگەر ئێوە لە یاسایی بوونی ماددەی ١٤٠ دڵنیا نەبوون، ئەی چۆن ئاوا بەپەلە کۆبوونەوەو ڕاتانگەیاند کە لەسەر پێشنیاری نوێنەری UN بۆ شەش مانگی دیکە درێژی دەکەینەوە؟!" هەروەها ئەگەر ئێوە دڵنیان و باوەڕتان بە بڕیارەکەی خۆتان هەیە، ئەی چۆن لیستی هاوپەیمانی کوردستان پەنا بۆ دادگەی فیدراڵی دەبات؟؟؟

ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لەسەر یاسایی بوونی ماددەی ١٤٠ ناکۆکن، هەندێک پێیانوایە مادام کاتی بۆ دیاری کراوەو لە وادەی خۆیدا جێبەجێ نەکراوە، ئیدی مردووەو ناتوانرێ کاری پێ بکرێ، هەندێکی دیکە پێیانوایە مادام لە دەستووردا جێگیر کراوە، تا جێبەجێ کردنی بە زیندووی دەمێنێتەوە. لەم بارەیەوە چاودێران پێیانوایە کە ئەو کوردانەی کە لە داڕشتنی دەستووری عێراق بەشداربوون، ئەو سیاسیانەی کە خەڵکیشیان ناچار کرد دەنگ بۆ دەستووری عێراق بدەن، ئەوانەی کە خەڵکیان خاپاندو دووپاتیان کردەوە کە داخوازیەکانی کوردستانیان لە دەستووری عێراقدا جێگیر کراوە، لە یاسا بێ ئاگابوون، بیریان لەوە نەکردبۆوە کەئەگەر لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ نەکرێ، چی بەسەر دێ!

وێرای هەموو ئەوانەشەوە دەبێ پەنجە بخەینە سەر برینەکان و ڕاشکاوانە بڵێین کە لایەنی بەرانبەر فێڵی خۆی لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کردووە، ئەوانیش بە پەیمان و بەڵێنی جۆراوجۆر خەڵکیان لە خشتە بردووەو ئێستاش ئامادە نین ئەوانەی پشتی پەردە بۆ خەڵک بدرکێنن. ئێستا هیوا هەڵچنین لەسەر گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان کارەساتێکی دیکەی لێدەکەوێتەوە، چاودێران پێیانوایە کە ئەمریکا نایەوێ کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و دەیکات بە هەرێمێکی سەربەخۆ، سەرکردایەتی سیاسی کوردیش ئەم ڕاستیە دەزانێ و لە خەڵکی دەشارێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هەموومان دەزانین کە ئێستا عێراق لەلایەن ئەمریکاوە داگیر کراوە، بەو پێیەشەوە پاراستنی عێراق و بەڕێوەبردنی عێراق لە ئەستۆی ئەو دایە، هەر ئەویش ڕێگری یەکەمە لەبەردەم جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠دا، تەنانەت ڕاپۆرتی بەیکەر-هاملتن زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بە کێشەی کەرکوک دابوو، خواستبووی کە ڕەوشی کەرکوک دەستی لێنەدرێ و ڕیفراندۆم بەڕێوە نەچێ، بەڵام ئەو کاتیش سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەبەرانبەر ڕاپۆرتەکە بزەی دەهاتێ و ڕایدەگەیاند کە ئەوان دڵنیان کە ماددەی ١٤٠ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ، کەرکوکیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

لەسەروبەندی ڕاپۆرتی بەیکەر-هاملتن دا دوو ڕای جیاواز هەبوو، **بەرەی گۆران** پێیوابوو کە دەبێ هەڵوێست لە ئەمریکا وەربگیرێ و ڕێگەی پێنەدرێ ڕاپۆرتە جێگە بگرێ، ڕاشیدەگەیاند کە ئەمریکا بەرژەوەندخوازەو هیچ هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد دا نیە، لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا قوربانی بەکورد دەدات، زۆر ئاساییە کە لێی هەڵبگەڕێتەوەو گورگان خواردووی بکات، بەڵام سەرکردایەتی دەستەڵاتداری کوردستان جەختی دەکردەوە کە ئەمریکا هاوپەیمانی ڕاستەقینەی گەلی کوردستانەو تەواوی داخوازیەکانی گەلی کورد جێبەجێ دەکات و دەبێ کوردستانیان و هێزە سیاسیەکانی سوپاسی جۆرج بووش و سەربازانی ئەمریکا بکەن و نامەی دەستخۆشیان بۆ بنێرن. ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو مشتومڕەدا، دەرکەوتووە کە بۆچوونی یەکەم ڕاستتر و نیشتمانی تر بووە، دووەمیشیان بەرژەوەندخوازانە لە تراویکەیی هاوپەیمانێتی نێوان خۆی و وڵاتێکی زلهێزی جیهانی ڕوانیوە.

کوردستانیان و هێزە سیاسیەکانی دەبێ زۆر باش ئەو ڕاستیە بزانن کە ئەمریکاو وڵاتانی بەرژەوەندخواز هەمیشە پێوەندی خۆیان لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی عەرەبی لەسەر کورد تێکنادەن، ئەوان لەهەر چرکەیەکدا ئامادەن نەتەوەی کورد قوربانی بەرژەوەندەکانی خۆیان بکەن. مێژوو ئەو ڕاستیەی سەلماندووە، کەچی سەرکردایەتی سیاسی بۆی هەرس ناکرێ و نایەوێ باوەڕ بەوە بهێنێ کە ئەمریکا هاوپەیمانی ئەو نیە. تەنانەت لەهەموو ناخۆشیەکاندا ئاشکرابووە کە داگیرکەرانی کوردستان بە هاوکاری و پشتیوانی ئەمریکاو وڵاتانی بەرژەوەندخوازەوە هێرشیان کردۆتە سەر گەلی کوردستان و شەڕی لەنێوبردنیان درێژە پێداوە. بەردەستترین نموونەش ئەو هێرشانەیە کە ئێستا فڕۆکەکانی تورکیا بە بیانۆی هەبووی بنکەو بارەگای PKK لە باشووری کوردستان دەیکەنە سەر باشوور، گوندو ئاوایی کوردستان تۆپباران دەکەن، ژن و منداڵی لاشەڕ دەکوژن، دەست لە ئاژەڵ و پەلەوەر ناپارێزن، لەو لاشەوە ئەمریکا پشتیوانی خۆی بۆ تورکیا دووپات دەکاتەوە، سەرکردایەتی کوردستانیش لەبەرانبەر ئەو هێرشانە دەنگ بەرز ناکاتەوە، تەنانەت ڕاگەیاندنەکانیش ئاوڕی لێنادەنەوە.

دەبێ گەلی کوردستان چیتر سۆزداری لەگەڵ ئەو هێزانەدا نەکات کە مافەکانی ئەوان پێشێل دەکەن و بە سوک سەیری داخوازیەکانیان دەکەن. لەم بەستێنەدا هەموو بەرپرسیارێتی لە جێبەجێ نەکردنی ماددەی١٤٠، نەگێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ فڕۆکەکانی تورکیا، ڕاستەوخۆ بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەگەڕێتەوە. بۆیە دەکرێ بگوترێ کە ئێستا کورد باجی ئەو بێ بەرنامەییە دەدات کە پێنج ساڵ لەمەوبەر خۆبەخشانە باوەشمان بۆ هێزەکانی ئەمریکا گرتەوەو وەپێشیان کەوتین.

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**
hashm_abdulla@hotmail.com

# ئەو حکومەتەی بۆ هاوکارانی بەعس خێر دەداتەوە

ئێمە هەموومان بەردەوام جەخت لەسەر ئەو گوتەیە دەکەینەوەو دەڵێین: "حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانە" ئەگەر بەو پێیەش بێ، دەبێ بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان پشکی شێریان لە دەستکەوتەکان بەربکەوێ، بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ڕاستین و وردی بۆ بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە کۆنە هاوکارانی بەعس سوودمەندی پلە یەکەمی ئەو حکومەتەن کە بە کەللە سەری شەهیدان هەڵچنراوەو بە فرمێسکی دایکانی جگەرسووتاوەوە ئاوڕشێن کراوە.

ئەگەر لیستی ئەوانەی بە پلەی وەزیر خانەنشین کراون هەڵبدەینەوە، دەردەکەوێ کە ناوی دەیان هاوکاری دێرینی بەعسی تێدایە. ئەگەر سەیری لیستی ئەوانە بکەین کە بەناوی پێشمەرگەی دێرینەوە خانەنشین کراون، دیسانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ناوی دەیان هاوکاری دڵسۆزو بڕواپێکراوی بەعسی تێدایە. ئەگەر پۆستەکانی دامودەزگاکانی حکومەت بژمێرین، دەبینین کە زۆربەی هەرە زۆریان بە هاوکارانی دێرینی بەعس سپێردراون، یان بەو کەسانەوە پڕ کراونەتەوە کە ڕۆژێک لەسەر کوردستان و بۆ کێشەی نەتەوەکەیان گەرمی و ساردیان نەچێشتووە.

ئەگەر تۆژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر بژێوی کەسوکاری شەهیدان و بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان بکەین، بێگومان بۆمان دەردەکەوێ کە خوارووی ڕیزبەندی چینەکانی کۆمەڵگەیان پڕکردۆتەوە، کەچی ئەوانەی کە پێشتر موستەشاری فەوجە سوکەکان بوون و بۆ پارێزگاریکردن لە ڕژێمی بەعس چەکیان لەشان کردبوو، ئەمڕۆ لە ڕەوشێکی زۆر باش دا دەژین، لەلایەن سەرکردەکانەوە ڕێزیان لێدەگیرێ، پارێزگاری لە گیانیان دەکرێ، بژێویان مسۆگەرکراوە، دەرفەتی بازرگانیان بەرووردا کراوەتەوەو منداڵەکانیان لە زانکۆکاندا دەخوێنن، کێشەو گرفتی ڕۆژانەیان نیە. ئەوان لەسەر دەستان ڕاگیراون، وەکو جاران دەستەڵاتیان هەیە، گاڵتەیان بە خەبات و ماندووبوونی تێکۆشەرە دێرینەکانەوە دێ.

ئەگەر ڕووپێوی ئەو زەوی، باخ، ڤێللاو کۆمپانیایانە بکەین کە لەم بەرو لەوبەری ڕێگە گشتیەکانەوە دروست کراون. ئاماری ئەو دزی و خۆدەوڵەمەند کردن و سامان لرف کردنەمان دەست دەکەوێ کە لە سایەی خوێنی شەهیدانەوە بەریان گرتووە، کەسانی ماندوو نەدیو تێیدا حەساونەتەوە. هەروەها ئەگەر ناوی ئەو بازاڕە هاوچەرخانە لە لیستێکدا ڕیزبەندی بکەین، زۆر ئاشکرا دەردەکەوێ کە کێ لەسەر حسابی خوێنی شەهیدانەوە کۆنترۆڵی بازاڕو شارەکانی کوردستانی کردووە.

ئێستا کە بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی دیکە ئامادەکاری دەکرێ، داخۆ دەرس و پەند لە کابینەکانی ڕابردوو وەرگیراوە؟! ئایا ئەمجارەیان پۆستەکان بە هاوکارانی دێرینی بەعس ناسپێردرێن؟! ئایا ئەمجارەیان کابینەیێکی تەکنۆکرات و خزمەتگوزار و لەخۆبردوو پێکدەهێنرێ و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵکی دەبێ؟! ئایا ئەم کابینەیە دەکارێ کۆتایی بە هاوێرکاری بهێنێ و بە تەزووی کارەبای دەوڵەتی ماڵەکانمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە؟!

ئایا ئەم کابینەیە ئیستێک دەکات و پڕۆژەکان لە دەست کۆمپانیاو سەندیکاکانی حزب دەردێنێ و پارێزگاری لە سامانی گشتی دەکات و ناهێڵێ چیتر بە فیڕۆ بدرێن؟!

ئایا ئەم کابینەیە ئۆخژن بە گیانی جوتیاران دادێنێ و چیتر دەست بەسەر زەویەکانیان داناگرێ؟!

**ڕۆژین ئومێد**

# عێراق دیوار لەنێوان خۆی و ئێران دا دروست دەکات

**سەرچاوەکانی** هەواڵ ئاشکریان کرد کە حکومەتی بەغداد بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایشی وڵاتەکەی بەنیازە دیوارێک بە درێژایی سنوور بە بەرزی پەنجا مەتر لەنێوان عێراق و ئێران دا دروست بکات!!

حکومەتی بەغداد لەسەر پێشنیاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ خۆ بەدوورگرتن لە کردەوە تیرۆریستیەکان دەیەوێ دیوار لەنێوان خۆی و کۆماری ئیسلامی ئێران دا دروست بکات، جێگەی ئاماژەیە کە حکومەتی واشنگتن هەمیشە کۆماری ئیسلامی ئێران بە چاوگەی نائارامی عێراق دادەنێ و بانگەشەی ئەوە دەکات کە دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەمەبەستی شێواندنی هێمنایەتی و ئاسایشی عێراق هاوکاری گروپە توندڕۆکان دەکەن، چەک و تەقەمەنیان بۆ ڕەوانە دەکەن.

ئەگەرچی دروستکردنی دیوارێکی لەو بابەتە کات و تێچوونێکی زۆری دەوێ، بەڵام بەپێی زانیاریەکان حکومەتی واشنگتن گوشارێکی زۆری لەسەر حکومەتی بەغداد داناوە تا لەپێناو دروست کردنی ئەو دیوارەدا هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە.

هەڵچنینی دیوار لەنێوان عێراق و ئێران کە سنوورێکی دوورو درێژیان لەنێوان دایە نەک هەر کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو ناشتوانێ ئاسایش و ئارامی وڵات دابین بکات و ڕێگری لەو کردەوە خۆکوژیانەدا بکات کە ڕۆژانە شارەکانی عێراق دەهەژێنن، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە ئەمریکا بە پێچەوانەی بانگەشەکانی خۆیەوە سیاسەت بە مافی مرۆڤ و دیموکراتیزەکردنەوە دەکات، دەیەوێ گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان گەل و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا تیرەتر بکات، بەوهۆیەشەوە شوێن پێی خۆی لە ناوچەکەدا قایم بکات.

هەڵچنینی دیوار لەنێوان عێراق و ئێران کاریگەری خراپی لەسەر پێوەندی نێوان بەشەکانی کوردستان دادەنێ، چونکە کوردستانیان بە درێژایی مێژوو لەپێناو سڕینەوەی ئەو سنوورە دەستکردە تێدەکۆشن کە نیشتمانەکەیانی پارچە پارچە کردووە، کەچی ئێستا لەسەردەمی جیهانگیری و ئینتەرنێتدا ناحەزانی گەلی کوردستان دەیانەوێ دیوارێکی قایمتر لەنێوان کوردستانیان دا دروست بکەن، تەنانەت هەڵچنینی دیوار لەسەر سنووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێچەوانەی ئەو ڕەوتە جیهانگیرییەیە کە ئێستا ئەوروپا هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێتەوە. ئێستا وڵاتانی کیشوەری ئەوروپا بەکردەوە سنوورەکانیان لەبەردەم یەکتردا کردۆتەوە، گومرگرکان هەڵگیراون، خەڵک دەتوانێ بەبێ پێناسەو پاسەپۆرت ئەم وڵات و ئەو وڵات بگەڕێ، کەچی تازە بە تازە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە هەزاران ساڵە لەهاوسێیەتی یەکتردا دەژین دیوار لەنێوان خۆیان هەڵدەچنن و خۆیان دادەبڕێنن.

ڕاستیەکەی چەند ساڵ لەمەوبەر شانشینی عەرەبستانی سعودی لەسەر پێشنیاری ئەمریکا بڕیاری دا کە بەدرێژایی سنوورەکەی لەگەڵ عێراق دا دیوار دروست بکات، بەڵام تا ئێستا هەڵچنینی ئەو دیوارە کاریگەری ئەرێنی لەسەر باشبوونی ڕەوشی ئاسایشی عێراق دانەناوە، بۆیەباوەڕ ناکرێ بە هەڵچنینی دیوار لەنێوان عێراق و ئێران ئاسایش و ئارامی بۆ شارەکانی عێراق بگەڕێتەوە، چونکە لێکۆڵینەوە مەیدانیەکانی سەر ڕاستی دەکەنەوە کە کێشەی نێوان پێکهاتەکانی عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ قوڵترو گەورەتر دەبنەوە، شیمانەی ئاشتبوونەوەیان لێناکرێ، بەوهۆیەشەوە تروسکایی لە داهاتووی ئەو وڵاتە دەستکردەدا بەدی ناکرێ.

لەو بەستێنەدا دەبێ بپرسین: " ئایا دروستکردنی دیواری نێوان عێراق و ئێران بۆ پاراستنی گەل و نەتەوەکانە یان بۆ قوڵکردنەوەی کێشەو ئاڵۆزیەکانە؟!" چونکە هەموومان لەو باوەڕەداین کە پڕۆژەی هەڵچنینی دیوار زیاتر لە خەونەوە نزیکە تا ڕاستی.

**ئاکۆ مەجید**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com